# ♪ Appoggiatura

زاراوەی ( ئەپاجیوتۆرا ) کە یەکێکە لە زاراوە ئیتاڵییەکان ، لە زمانی کوردیدا
بە واتای ( نۆتە وردیلەکان ) دێت . ئەم جۆرە نۆتە موزیکییانە بەردەوام بە
شێوەیەکی بچووک و ورد لە نۆتە موزییکییەکاندا دەنووسرێن و لە سەروو
یا لە خواروی نۆتە موزیکییەکانەوە دادەنرێن و بە کەوانێکی بەستنەوەوە بە
نۆتە سەرەکییەکانەوە دەلکێنرێن . ئەم جۆرە نۆتانە لەناو خانە موزیکییەکاندا
لە کێشی موزیکییدا کاریگەرییان نابێت ، ڕوونتر ئەگەر لە خانەیەکی موزیکیدا
کە کێشەکەی چواری بێت ، واتا ئەو خانەیە بەقەد ئەو کێشە نۆتەی تیادابێت
وە ئەگەر لەگەڵ ئەو نۆتانەدا چەند دانە نۆتەیەکی وردیلەش هەبێت ئەوا ئەو
نۆتە وردیلانە لەڕووی کێشی موزیکییەوە هیچ کاریگەرییان نابێت لەناو خانەکەدا،
بەڵام ئەم نۆتە وردانە لە ژەنیندا بڕێک لە بەهای کاتیی نۆتە موزیکییە سەرەکییەکانی
ناو خانەکە بۆ خۆیان دەبەن . بۆ زیاتر ناسینی نۆتە وردیلەکان بڕوانە نموونەی نۆتەکە
کە لەنموونەکەدا دیارە کە شێوەی نووسینی نۆتە وردیلەکان وردترن لە نۆتە
سەرەکییەکان .
نموونە : نۆتە وردیلەکان



Muzik-Chrakan
2005